# ماموٚستایانی گرێبەست داوای ئاوڕدانەوەی حکومەت لە داخوازییەکەیان دەکەن



**بەهۆی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدا و دروستبوونی قەیرانی دارایی، ماوەی چەند ساڵێکە وەزارەتی دارایی دامەزراندنی راگرتووە، بەڵام هەر لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆری دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان بەشێوەی گرێبەست دامەزراون و تا ئێستا نەکراون بە هەمیشەیی، زیاتر لە شەش هەزار مامۆستاش لە هەرێمی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی میلاکی قوتابخانەکان بە شێوەی گرێبەست دامەزراون، کە زۆربەیان ماوەی یاساییان تێپەڕاندووە بۆ ئەوەی بکرێن بە هەمیشەیی، بەڵام قەیرانی ئابووری رێگر بووە لەوەی ئەو مافەیان دەستەبەربکرێت، لە ئێستاشدا کە لە سایەی هەوڵەکانی دەوڵەتمەدار و سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و خۆڕاگریی گەلی کوردستانەوە قەیرانەکان بەرەو کۆتایی دەچن، مامۆستایانی گرێبەست داوای ئاوڕدانەوە لە داخوازییەکەیان دەکەن و هیوادارن کابینەی نوێی حکومەت ئەو داواکارییە لە بەرنامەی کاریدا بگونجێنێت.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

دوریا زکری دەرچووی کۆلێژی بنیات و مامۆستای گرێبەستە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «هەرێمی کوردستان لە ماوەی چوارساڵی رابردوو حەساسترین و قورسترین بارودۆخی سیاسی و ئابووری و ئەمنی تێپەڕاندووە، بە جۆرێك کاریگەری نەرێنی لەسەر کەرتی پەروەردەش جێ هێشتووە، چ لە سستبوونی دەوام، یان خۆپیشاندان و نیوە دەوام و دواکەوتنی قوتابییان لە وانەکانیان کە بەپێی شارەکان جیاوازی هەیە، بەڵام قەیرانی دارایی بە بێ جیاوازی لە سەرتاپای هەرێم کاریگەری نەرێنیی خۆی لە بواری پەروەردە و ژیان و بژێوی ماموستایان بەجێهێشت و رێژەی دامەزراندنیش رووی لە کەمی کرد، وێڕای درەنگ پێدانی مووچە و پێدانی نیوە مووچە، بەڵام دوابەدوای هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەمانی مەترسی هێزی تیرۆریستی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بارودۆخ تا رادەیەك ئارام بوو، دوای نەمانی پاشەکەوتی مووچەش هاووڵاتیان بەگشتی و چینی مامۆستایان بەتایبەتی گەشبینن و داواکاریشمان ئەوەیە گرێبەستەکان دابمەزرێن و هەلی دامەزراندنیش بۆ مامۆستایان فەراهەم بکرێت بۆ کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری و ئومێدبەخشینێکیش بێت بەو گەنجانەی خوێندنیان تەواو کردووە و چاوەڕێی بەرهەمی خوێندن و ماندووبوونەکانیانن.»

سالار برادۆستی بەڕێوەبەری قوتابخانەی خەلیفانی سیدەکان بە گرێبەست، یەکێکە لەو هەزاران مامۆستایانەی کە لە چەند ساڵی رابردوو بە گرێبەست دامەزراون. ئەو مامۆستایە ئاماژە بەوە دەکات کە «لە هەموو کۆمەڵگەیەك بەگشتی مامۆستا رێزێکی تایبەتی لێ گیراوە، چونکە هەڵگری پیرۆزترین پەیام بووە، ئەویش لە رێگەی گەیاندنی زانست و وانە بووە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی لێهاتووی چالاك، مامۆستا چێنەری تۆوی شادی و ئاشتییە بۆ گەلان، بۆیە چارەنووسی هەر نەتەوەیەك وابەستەیە بە مامۆستاوە، کە هەمیشە وەك پێشمەرگەیەکی جەنگاوەری خۆڕاگرو کۆڵنەدەری گۆڕەپانی جەنگ، دوژمنی دواکەوتوویی و نەزانین بووە، بە سەدان گەورە زانای پێگەیاندووە، هەوەك پاشای یەکەمی وڵاتی عێراق (فەیسەلی یەکەم) دەڵێت:((ئەگەر نەبوومایە بە پاشا، دەبووم

بە ماموستا.)) بەڵام بەداخەوە لە کوردستان ئاورێکی ئەرێنی لە ماموستایان نەدراوەتەوە و رۆڵی گرنگ و پیرۆز و هەستیاریان لەبەر چاو نەگرتوون، بەتایبەت کە دەبینین رێژەیەکی زۆر لە ماموستایان بە شێوەی گرێبەست بۆ وانەبێژی دامەزراون و تا ئێستا بە هەمیشەیی نەکراون.» ئەو ماموستایە دەڵێت: «لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی هەرێم رێژەیەك لە ماموستایانی لە سەرجەم پارێزگاکان بەشێوەی گرێبەست دامەزراند، هەندێك بوون بە ماموستا و ئەوانیتریش بوون بە بەڕێوەبەر کە تا ئەمڕۆش بەردەوامن لە کارەکەی خۆیان. من وای دەبینم ماموستایانی گرێبەست هیچ جیاوازییەکیان نییە و نەبووە لەگەڵ ماموستایانی هەمیشەیی لەو خزمەتەی کە لە رابردوو کردوویانە، لەگەڵ ئەوەشدا تووشی چەندان کێشە بوون، وەکو دووریی هاتوچۆیان لە شار و هەروەها بۆ ماوەی نزیکەی سێ ساڵ تەنیا نیو مووچەیان پێ دراوە، کە مووچەی ئەوان کەمترە لە ماموستایانی هەمیشەیی، بەتایبەت ئەوانەی کە بڕوانامەکەیان دبلۆم بووە، لەگەڵ بوونی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ژیانی ئەو ماموستایانە بە هۆی بارودۆخی سیاسی و بوونی شەڕ و ئاڵۆزی لە نێوان وڵاتی تورکیا و پەکەکە کە بەشێك لە ماموستایانە لەو قوتابخانانە دەوام دەکەن کە نزیکن لەسەر سنووری وڵاتی ئێران و تورکیا، ئێستاشی لەگەڵدا بێت خەریکی کاری خۆیانن، واتە ماموستایانی گرێبەست وەك ماموستایانی هەمیشەیین لە راپەڕاندنی کارەکان، چونکە هەمان کار دەکەن و یەك ئامانجیان هەیە، بەتایبەت بەڕێوەبەر و لایەنی کارگێڕیی قوتابخانە کە هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان نییە، تەنانەت پێموایە گرێبەستەکان ماندووترن لە ماموستاکانی دیکە، بەتایبەت ئەو گرێبەستانەی کە لە گوندە دوورەکان دەوام دەکەن و ئەرکی سەرشانیان قورسترە، هیواداریـن حکومەتی هەرێم لە کابینەی نوێدا داواکاری ماموستایانی گرێبەست جێبەجێ بکات و ئاورێك لە ژیانیان بداتەوە، بەتایبەت ئەو گرێبەستانەی کە نزیکەی پێنج ساڵە دامەزراون، داواکارین یەکێتی ماموستایانیش هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ بەدیهاتنی ئاواتی ماموستایان.»

**ماموستا هەمیشە وەک پێشمەرگەیەکی جەنگاوەری خۆڕاگرو کۆڵنەدەری گۆڕەپانی جەنگ، دوژمنی دواکەوتوویی و نەزانین بووە و پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە**

**لە کوردستان ئاوڕێکی ئەرێنی لە ماموستایان نەدراوەتەوە و رۆڵی گرنگ و پیرۆز و هەستیاریان لەبەر چاو نەگرتوون**

**ماموستایانی گرێبەست هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ ماموستایانی هەمیشەیی لەو خزمەتەی کە لە رابردوو کردوویانە، لەگەڵ ئەوەشدا تووشی چەندان کێشە بوون، وەکو هاتوچۆیان بۆ گوندە دوورەکان و مەترسیی ژیانیان لە سەر سنوورەکان**

خەرمان عەبدوڵا ماموستای گرێبەستە لە پەروەردەی مەخموور و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئێمە ماوەی چوار ساڵە بەشێوەی گرێبەست دەوام دەکەین و پێشتر بەڵێنیان پێ دابووین دوای سێ ساڵ گرێبەستمان بۆ بکرێت بە هەمیشەیی، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆمان نەکراوە، ئێستاش دڵخۆشین بە نەمانی سیستەمی پاشەکەوتی مووچەو داواکارین لە کابینەی نوێی حکومەت ئاوڕێکی جددی لە ماموستا و فەرمانبەرانی گرێبەست بدرێتەوە، لەبەر ئەوەی ماموستای گرێبەست هیچ مافێکی نییە، لە شوێنە دوورەکان دەوام دەکەن و تا ئێستا دەستی دەستیان پێدەکرێت و ناکرێن بە هەمیشەیی.»

پەروین محەمەد، بەڕێوەبەری بودجە لە وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوو مانگی رابردوو رایگەیاند: وەزارەتی دارایی پلانی هەیە لە بودجەی ساڵی ٢٠١٩ بەپێی پێویستی و ساڵانی خزمەت فەرمانبەران و ماموستایانی گرێبەست بکاتە هەمیشەیی.» بەڕێوەبەری گشتی بودجە باسی لەوەش کرد، وەزارەتی دارایی کێشەی لەگەڵ دامەزراندنی ئەو فەرمانبەر و ماموستایانە نییە بە شێوەیەکی هەمیشەیی، چونکە چەند ساڵە مووچەیان بۆ دابین دەکرێت و ئەگەر بکرێنە هەمشەیی بارگرانییەکی ئەوتۆ دروست ناکات.»

وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ٢٠١٤وە لەسەر داوای وەزارەتەکان نزیکەی ٣١ هەزار فەرمانبەری بەشێوەی گرێبەست دامەزراندووە.

بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی، پێشتر دوای سێ ساڵ، گرێبەستی ئەم فەرمانبەرانە لەکاتییەوە دەبوو بە هەمیشەیی. زۆربەی فەرمانبەرانی گرێبەست ئەو ماوەیەیان تێپەڕاندووە، بەڵام وەزارەتی دارایی و ئابووری بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەیتوانیوە بە شێوەی هەمیشەیی دایانبمەزرێنێت.

وەزارەتی پەروەردە لە رووی زۆریی ژمارەی فەرمانبەرانی گرێبەستی کاتی لە دوای وەزارەتی شارەوانی بە پلەی دووەم دێت و نزیکەی شەش هەزار فەرمانبەری گرێبەستی هەیە.

# نەخۆشیی ئۆتیزم شیرازەی خێزانی دەخاتە مەترسییەوە

## دایکێک: هاوسەرەکەم من و دوو منداڵی نەخۆشی بەجێهێشت و بێ ئاگاداری خۆم تەڵاقی دام



٢ی نیسان وەك رۆژی جیهانیی ئۆتیزم دەستنیشان کراوە. ئەم نەخۆشییە زۆر هەستیارە و لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا پلان و بەرنامەی زۆر تایبەتیان بۆ مەشق و راهێنانی نەخۆشەکانی داناوە، بەڵام تا ئێستا دەرمانی چارەسەری نەدۆزراوەتەوە. بەپێی ئامارێکی کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٨ زیاتر لە ٣٠٠٠ منداڵی ئۆتیزم لە کوردستان هەن. ئەو منداڵانە پێویستیان بە چاودێرییەکی زۆر ورد هەیە، بۆیە ئەگەر حکومەت ئاسانکارییان بۆ نەکات، دایك و باوکان زۆر لەگەڵیان ماندوو دەبن، هەندێك جار ئەو ماندووبوونە دەگاتە ئاستێك کە جیابوونەوەی هاوسەرانی لێ دەکەوێتەوە. دایکێك کە منداڵەکانی نەخۆشیی ئۆتیزمیان هەیە، بەسەرهاتی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان دەگێڕێتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە هاوسەرەکەی تاقەتی ئەوەی نەماوە خزمەتی منداڵەکانی خۆی بکات و بە جێی هێشتوون. ئەو دایکە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دایکان هەمیشە زیاتر لە باوکان ئامادەن باجی ئازارەکانی منداڵی خۆیان بدەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی




سەیران حاجی دایکی دوو منداڵە و وەك خۆی باسیکرد هەر دوو منداڵەکەی نەخۆشیی ئۆتیزمیان هەیە. هەر لەو بارەیەوە بە خەمبارییەکی زۆرەوە دەڵێت: (ماوەی ١١ ساڵە هاوسەرگیریم کردووە و خاوەن دوو کوڕی ئۆتیزمین، گەورەکەیان تەمەنی نۆ ساڵە و بچووکەکەش حەوت ساڵانە، زۆر بەداخەوە بە هۆی پەروەردەی منداڵەکانمەوە زیاتر لە چوار ساڵە بە ناچاری وازم لە پیشەی مامۆستایی هێناوە، کە هەمیشە ئارەزووم ئەوە بووە، منداڵان بە زانست ئاشنا بکەم، کەچی باوکی منداڵان لە بری ئەوەی هاوکارم بێت، منداڵەکانیشی بەسەرمدا بەجێهێشت، خوا خێری حکومەتەکەمان بنووسێ، تا ئێستا مووچەکەم بۆ سەرف دەکەن، ئەوە نەبووایە، خوا دەیزانێ لە چ مەینەتی و نەهامەتییەك دەژیاین.)

ئەو خاتوونە یەکێکە لەو هەزاران دایکانەی کە بە هۆی نەخۆشیی منداڵەکیانەوە تووشی ژیانێکی سەخت و دژوار دەبن. سەیران لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان باسی کێشە و ئاریشەکانی رۆژانەی ژیانی خۆی و منداڵەکانی دەکات و سەبارەت بە چۆنیەتی جیابوونەوەشی لە هاوسەرەکەی دەڵێت: (دوو ساڵە هاوسەرەکەم بێ ئاگاداری خۆم تەڵاقی داوم و من و ئەو دوو منداڵە نەخۆشەی بەجێهێشت و ژنێکی دیکەی هێنایەوە، ئەوەندەی لەماڵەوەش وەکو هاوسەر بە یەکەوە بووین، هیچ خزمەتێکی منداڵەکانی نەدەکرد، تەنانەت بێزیشی لێ دەکردنەوە، چونکە منداڵەکانم ناتوانن بە دەستی خۆیان نان بخۆن، ناتوانن بە خۆیان بچنە سەرئاو و خۆیان پاك بکەنەوە، جگە لەوەی ناتوانن قسەش بکەن.)

سەیران حاجی جەخت لەوە دەکاتەوە کە (نەخۆشیی ئۆتیزم بە هۆی ئەوەی حاڵەتێکی تایبەت و قورسە، مامەڵەکردن لەگەڵ کەسی تووشبوو پێویستی بە چاودێریی زۆر ورد هەیە، پێویستی بە راهێنانی تایبەت هەیە، پێویستی بە سەنتەری تایبەت هەیە، بەڵام نەبوونی ئەوانە وای کردووە، کێشەی خێزانی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە. بێگومان نەخۆشیی ئۆتیزم و دەرهاوێشتە کۆمەڵایەتییەکانی زۆرن، ئەرکە قورسەکەش کەوتۆتە سەر خێزان و بەتایبەتی دایکان، واتە دایك رۆڵی سەنتەر و پزیشك و مامۆستای تایبەت دەبینێ، زۆر جار دایکان و باوکان ناتوانن وەك پێویست هاوکاری منداڵەکانیان بکەن، ئەوەش ئەرکێکی قورس دەخاتە سەرشانیان هەم لە رووی بەخێوکردن و چاودێریکردن و هەم لە رووی ماددی، ئەمەش کێشە و گرفتی زۆر لە نێوان هاوسەران دروست دەکات.)

رەحمان عەلی بەرپرسی سەنتەری ئۆتیزم لە سلێمانی، سەبارەت بە هەمان پرس تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: (رەفتاری کەسانی تووشبووی ئۆتیزم تەواو جیاوازە بە بەراورد بە کەسانی دیکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەهۆی هەموو نیشانە و هەڵسوکەوتەکانی منداڵی ئۆتیزم کە هەیەتی وادەکات خێزان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگە دابڕێت، ئەوەش بە جۆرێك کاریگەری لەسەر دەروونی هەموان دادەنێت، بەتایبەتی لەسەر باری دەروونیی دایکەکە، چونکە نەخۆشیی ئۆتیزم وەك هیچ

**بە هۆی پەروەردەی منداڵەکانمەوە زیاتر لە چوار ساڵە بە ناچاری وازم لە پیشەی مامۆستایی هێناوە، کە هەمیشە ئارەزووم ئەوە بووە، منداڵان بە زانست ئاشنا بکەم**

**باوکی منداڵان لە بری ئەوەی هاوکارم بێت، منداڵەکانیشی بەسەرمدا بەجێهێشت، خوا خێری حکومەتەکەمان بنووسێ، تا ئێستا مووچەکەم بۆ سەرف دەکەن، ئەوە نەبووایە، خوا دەیزانێ لە چ مەینەتی و نەهامەتییەک دەژیاین**

**هاوسەرەکەم هیچ خزمەتێکی منداڵەکانی نەدەکرد، تەنانەت بێزیشی لێ دەکردنەوە، چونکە منداڵەکانم ناتوانن بە دەستی خۆیان نان بخۆن و ناتوانن خۆیان پاک بکەنەوە**

حاڵەتێکی دیکەی نەخۆشی نییە، لە بەر ئەوەی چاکبوونەوەی نییە و پێویستی بە خزمەت و چاودێری بەردەوام هەیە)، ئەوەش دووپات کردەوە کە (ئۆتیزم یەکێکە لەو حاڵەتانەی نەخۆشی کە کاریگەرییەکی قورس لەسەر خێزان دروست دەکات، بەتایبەت دایك و باوك، کە زۆر جار پێداویستییە ماددییەکان لە توانای خێزاندا نییە، ئەو کاریگەرییەش بە حوکمی ئەوەی دایك پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ منداڵەکانیدا هەیە بە پلە یەك دەکەوێتە ئەستۆی خودی دایك، ئەوەش وادەکات دایك زیاتر بیر لە هەنگاوەکانی چارەسەری بکاتەوە، دایك بەبێ ویستی خۆی ناچارە بۆ خزمەتکردنی منداڵە نەخۆشەکەی، گرنگیپێدان بە ئەندامانی خێزانەکەی کەم بکاتەوە، تەنانەت خودی خۆیشی پشتگوێ دەخات، چونکە زۆربەی باوکان بەهۆی ناهۆشیاری لە دابەشکردنی ئەرکەکانی خێزان، خزمەتکردنی منداڵی نەخۆش بە ئەرکی سەرشانی دایك دەزانن و لەو واقیع و بەرپرسیارێتییە رادەکەن، بۆیە هەندێك جاریش کێشەی نێوان ئەو دوو هاوسەرە دەگاتە ئاستی جیابوونەوە، هەر چەند رێژەکە ئەوەندە زۆر نییە و نەبۆتە دیاردە، بەڵام وەکو حاڵەت چەند کەیسێکی لەم شێوەیەمان هەیە، هەندێك هاوسەریش هەن بێدەنگییان هەڵبژاردووە و درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن و لە چوارچێوەی یەك ماڵدا دەژین، بێ ئەوەی لە یەکتر جیاببنەوە، بەڵام پەیوەندییەکەیان زۆر لاوازە و رەنگە گەیشتبێتە ئاستێك کە پەیوەندی سۆزداری نێوانیان لە بەین چووبێت.)

مافپەروەر عیماد ئەحمەد، هێما بۆ ئەوە دەکات کە(زۆر جار بەهۆی گرنگیدان و سەرقاڵبوونی دایك بە منداڵە نەخۆشەکەی، هاوسەرەکەی زۆر بێ بەزییانە بیانووی پێ دەگرێت و لە بری پێزانین و دەستخۆشی، لێی جیا دەبێتەوە، یان ژنی یەسەردا دەهێنێت، یان تەڵاقی دەدات.) ئەو مافپەروەرە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە (پەیوەندیی هاوسەری دەبێت پەیوەندییەك بێت لەسەر بنەمای رێز و خۆشەویستی و هاوکاریکردنی یەکتر لە ئەنجامدانی هەندێك کاری رۆژانە، بەتایبەت بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ و چاودێری و چارەسەرکردنی ئەو منداڵانەی کە نەخۆشن لەلایەن هەردوو هاوسەرەوە.) گوتیشی: (بەداخەوە ئەم ئافرەتە (سەیران حاجی) ناحەقی و ستەمێکی زۆری لێ کراوە، چونکە ئەو منداڵانە تەنیا لە خوێن و گۆشتی ئەو نین، هاوسەرەکەشی باوکی ئەو منداڵانەیە و دەبێت لێیان بەرپرسیار بێت، دوای جیابوونەوەش بەخێوکردن و بژێوی ئەو منداڵانە هەر لەسەر پیاوەکە دەمێنێتەوە، بە جیابوونەوە لەخێزانی یەکەمی و هێنانی ژنی دووەمیش کێشەکان زیاتر دەبن، چونکە هیچ ئافرەتێك ئامادە نییە تاسەر بە تەنیا دوو منداڵی نەخۆش بەخێو بکات و چاودێرییان بکات.)

بەپێی ئامارەکانی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی ٦٧ ملیۆن کەس لە جیهاندا تووشی نەخۆشیی ئۆتیزم بوون، ژمارەی تووشبووانی نەخۆشیی ئۆتیزم لە کوردستانیش لە هەڵکشاندایە و بەپێی ئامارێکی کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٨ زیاتر لە ٣٠٠٠ منداڵی ئۆتیزم لە کوردستان هەن.

ئۆتیزم نەخۆشییەکی ئاڵۆزی مێشکە و لە سێ ساڵی یەکەمی تەمەنی مرۆڤدا بەهۆی کێشەیەکی کۆئەندامی دەمار دەردەکەوێت، فرمانی ئاسایی مێشك تێکدەچێت و توانای گفتوگۆ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەسەکە کەم دەبێتەوە.

نیشانەکانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازن، هۆکاری ژینگەیی وەك بەرکەوتن بە ڤایرۆس و ماددە ژەهراوییەکان لە ماوەی دووگیانی ئەگەری تووشبوونی کۆرپە بە ئۆتیزم زیاد دەکەن. کۆمەڵێك چارەسەر هەن بۆ تووشبووانی ئۆتیزم، کە زۆربەیان پەیوەستن بە چارەسەری رەفتار و گەشەی منداڵان، بەڵام وەك دەرمان تاکو ئێستا دەرمانێکی تایبەت بۆ نەخۆشییەکە نەدۆزراوەتەوە.

هەندێکجار منداڵان راهێنانی تایبەتیان پێ دەکرێت، تاکو بتوانن خۆیان خواردن بخۆن و خۆیان پاك بکەنەوە، هەروەها فێری گفتوگۆکردن و چالاکیی جەستەیی دەکرێن، هەروەك لە زۆر وڵات قوتابخانە و فێرگەی تایبەت بۆ خوێندنی منداڵانی ئۆتیزم ئەوانە پەیڕەو دەکرێن.

**نەخۆشیی ئۆتیزم و دەرهاوێشتە کۆمەڵایەتییەکانی زۆرن، ئەرکە قورسەکەش کەوتۆتە سەر خێزان و بەتایبەتی دایکان، واتە دایک رۆڵی سەنتەر و پزیشک و مامۆستای تایبەت دەبینێ**

**دایک بەبێ ویستی خۆی ناچارە بۆ خزمەتکردنی منداڵە نەخۆشەکەی، گرنگیپێدان بە ئەندامانی خێزانەکەی کەم بکاتەوە، تەنانەت خودی خۆیشی پشتگوێ دەخات**

**زۆربەی باوکان بەهۆی ناهۆشیاری لە دابەشکردنی ئەرکەکانی خێزان، خزمەتکردنی منداڵی نەخۆش بە ئەرکی سەرشانی دایک دەزانن و لەو واقیع و بەرپرسیارێتییە رادەکەن**

